# کوردستانییەتی کەرکوک بەڵگە نەویستە

**کانی هەڵەبجەیی**
**هۆڵندا**
Kani_awin@hotmail.com




نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژو سەرباری ئەوەی کە چەندەها ڕوداوی نا لە باری بەسەردا هاتوە، بەڵام هەر زو بە زو لە دوای ئەو ڕوداوانەوە توانیویەتی لە سەر پێی خۆی بوەستێت و خۆی بۆ شۆڕشێک و بە گژداچونەوەیەکی دی ئامادە بکات، ئەمەش ئەگەر بە پێی جوگرافیای سیاسی کوردستان سەیر بکەین ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە کوردستان خاوەنی ئەو سروشتە شاخاوییە بوە کە هەمو کاتێک توانیویەتی خۆی پێ بپارێزێ و کەلتور و زمانیشی وەک خۆی بمێنێتەوە و بەڵکو پەرەشی پێ بدرێت، هەرچەندە نەگبەتییەکانی زۆر بون.
ئەگەر زێتر بە قوڵدا بچین و سەیرێکی باشوری کوردستان بکەین و بەرەو باشوری کوردستان بڕۆین هەڵبەتە یەکسەر لوتمان دەداتە بەردی ئەلحەدی حەمرین. وە گەر چەند هەنگاوێکی تر بڕۆین بیابانێکی کاکی بە کاکی بەدی دەکەین، ئەمەش بەڵگە نەویستە کە حەمرین دەبێتە پاسەوانی کەرکوکی خۆشەویست.
ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەنی ڕامیاریشەوە سەیری بکەین شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان هەمو کاتێک کەرکوک بۆتە هەوێنی، کە وابو بەڵگە نەویستە و پێویست ناکات بە شوێن کوردستان بونی کەرکوکدا بگەڕێین، گەر بۆ زیاتر بە دوادا چونی کوردستان بونی کەرکوک چاوێک بگێڕین بە ئامارەکانی سەرژمێریدا ، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە کەرکوک کوردنشین بوەو بگرە لە سەردەمانێکدا پایتەختی کوردستان بوە، هەروەها بە چاوخشانێ بە گەڕەکەکانی کەرکوکدا زیاتر ئەم ڕاستییە بەرچاو دەکەوێت، چونکە مێژوی کوردیان پێوە دیارە.
ئەمڕۆش دوای ڕماندن و هەڵتەکاندنی ڕژێمی فاشستی بەعس گەلی کورد دەیەوێت هەمو کاتێک دیاردەکانی مێژو بە زەقی لە بەر چاویدا بێت و کەرکوک بگێڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.
وە بە ڕونیش ئەمە لە مادەی 58 ی حکومەتی ئینتیقالی و مادەی 140ی دەستوری عیراقی دوای هەڵبژاردن دەردەکەوێت کە پێویستییەکان چین بۆ ئەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دی بۆشاییەکانی ئامێزی کوردستان پڕ کەنەوە، کە هەرچەندە ئەم مادەیە ئاستەنگی زۆری بۆ پەیدا بوە بەڵام لە ئەنجامی یەکگرتنی ماڵی کورددا ناچار کرا حکومەتەکەی مالیکی کە ڕاستییەکان جێ بە جێ بکرێن، بەڵام گشت کات کە جێ بە جی کردنی مادەی 140 نزیک دەبێتەوە نەیارانی کورد لە ناوەوە و دەور و بەری کوردستان و بگرە جیهانی دەرەوەش هەوڵ دەدەن کە بە شێوەیەک لە شێوەکان جێ بە جێ کردنەکە دوا بخەن یاخود بیوەستێنن.
ئەوەتا ئەمڕۆ زۆر بە ئاسانی دەبینین لەسەر زەوی کەرکوک بە چەندەها کردەوەی تیرۆریستی دژی گەلی کورد دەکرێت، بەڵام دوژمنان و نەیارانی کورد ناتوانن شکست بە ئیرادەی پۆڵایینی گەلی کورد بهێنن و کەرکوک هەر دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و مافی کەمایەتییەکنیشی تێدا دەپارێزرێت.

گەر ئاوڕێکی خێرای تر لە چەرخی نوی بدەینەوە، دەبینین ئەو کارەساتانەی کە بە سەر عیراق و ناوچەکەدا هاتووە هەموی لەسەر کەرکوک بوە، خوێنەر لەوانەیە بپرسێ چۆن؟ منیش دەڵێم کاتێک کە شۆڕشی ئەیلول لەوپەڕی بە هێزیدا بو سەدام لە کۆنگرەی عەرەبی لە جەزائیر بەهۆی هەواری بۆمدیان لەگەڵ شای ئێران ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە سنورەکان لە کورد دابخرێت بەرامبەر بەوەی کە ڕژیمی بەعس نیوەی شەت ئەل عەرەب بداتە ئێران، بەڵام کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران ساڵی 1979 ئێران لە ئەنجامی شۆڕش لاواز بو وە ئەوە بو سەدام لە بەرچاوی میدیاکانی دونیا ڕێکەوتننامەکەی جەزائیری دڕاند. وە بە هەلی زانی و پەلاماری ئێرانێ دا و جەنگی 8 ساڵەی هەڵگیرساند، ئەمەش بوە هۆی داکەوتنی باری ئابوری عیراق و بۆ گێڕانەوەی باری ئاسایی ئابوری ، ناچار بو کوەیت داگیر بکات و دواتریش ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی لێ بۆوە، واتە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەشمان هەر لەسەر مەسەلەی کورد بونی کەرکوک هەڵوەشاوەتە و گتوگۆکان شکستیان هینا و ئەو کارەساتەنەی کە ناومان برە بەرپا بون.
لە بەدەستهێنانی چەند مافێکی ڕەوای گەلەکەمان ئەمڕۆ ئەگەر لە ساوایەکی کورد بپرسین دەزانێت هیچ گرد و شاخ و دۆڵێکی کوردستان نییە پێشمەرگە و کوردی تێدا شەهید نەکرابێت و خوێنی تیا نەپرژابێت، کەوا بو هەمو کاتێک دەڵێین ئەی کوردی دڵسۆز ، ئەی ڕۆڵەکانی کوردستان هیچ کاتێک دەست مەخەنە نێو دەست ئەوانەی کە نەیاری جێ بە جێ کردنی مادەی 140 ن ، وە پشتگیری ئەو بە ناو ڕۆشنبیرانەش مەکەن کە ماڵپەڕەکانی تۆڕی ئەنتەرنێت دەکەنە میمبەری تێکدانی ڕیزەکانی کورد و دواخستی جی بە جێ کردنی مادەی 140.
با هەمومان هەوڵی تێکدانی ئەو لایەن و کەمپینانە بین کە دژی جێ بە جێ کردنی مادەی 140، مادەی گەڕانەوەی کەرکوکی کۆرپەی کوردان بۆ ئامێزمانن،
با گشتمان بە یەک دەنگ و بە یەک چەک دژی دوژمانان و نەیاران بوەستین و بڵێین کەرکوک دڵ و قودسی کورستانەو مەگەر مەرگ لە یەکمان کات.

تێبینی: ماوەیەک لەمەوبەر لینکی کەمپینێکێکی ماڵپەری (حیوار متمدن) لە ماڵپەڕی سەربەخۆی دەنگەکان بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بڵاو کرایەوە، من خۆم وەک نوسەرێکی دەنگەکان و خوێنەرێکی هەمیشەیی ماڵپەری دەنگەکان زۆر خۆشحاڵی خۆم دەردەبرم بۆ ئەو ڕونکردنەوەیەی ماڵپەڕی دەنگەکان، هەرچەندە بە ڕاو بۆچونی من گەر تەنها لەبەر پاراستنی ڕاو بۆچونی جیاوازیش بێت پێویستی نەدەکرد گەر بۆ ساتێکیش بێت ئەو لینکە لەو ماڵپەڕە خۆشەویستە بڵاو بکرایاتەوە. تا ماڵپەڕەکەش نەبێتە هۆی توانجێ هیچ کەسێ.